کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
22:10 22-10-2007 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**هەڤاڵ کاک کۆسرەت و بابەتەکەی کاک دلێر سەلیم ... کاکۆ عەبدوڵڵا**

چەند ڕۆژێک لەمەو بەر بابەتێکی ڕەخنە ئامێز لە ماڵپەڕی کوردستان پۆست لە لایەن کاک دلێر سەلیم لەسەر هەڤاڵی بەڕێز کاک کۆسرەت بڵاو کرایەوە. منیش وەکو ڕۆلەیەکی ئەم گەلە و بەهۆی ماوەیەک کارکردنم لەگەڵ بەڕێز کاک کۆسرەت و لەنزیکەوە ناسینم، لێرە ویژدانم دەمجولێنێ بۆ وەڵامێکی کورتی ئەم نوسەرە بەڕێزە، چونکە بەشی زۆری نوسینەکەی بە هەڵەو چەواشە دادەنێم.



ڕون و ئاشکرایە هەر کەسێک ئینجا لە هەر پلەو پایەو شوێنێکی کاردابێت ڕەنگە بی کەم و کوڕی نەبێت و لە 100% بە کارەکان هەڵنەستابێت، ئینجا بە هەر هۆیەکەوە بێت، ڕەنگە زۆر جار وابێت ئانجامدانی کارێک لەلایەن ئەنجامدەرەوە بە مەبەستی خزمەتکردن و کارێکی ڕاست و دروست کرابێت، کەچی ئەنجامەکەی لەلایەن کۆمەڵە خەڵکێکەوە بە نەگەتیف و کارێکی خراپ لە قەڵەم دراوە.

بێگومانیش لە کاتی بینین و هەست پێکردنی هەر هەڵەیەک، پێویست بە ڕەخنە گرتن دەکات، چونکە ڕەخنە کەسایەتی و کۆمەڵگە و وڵاتێکی تەندروست بەرهەم دێنی، بە لام نابی ئەوەمان لەبیر بچێت کە ڕەخنە چۆن و بە چ شێوەیەک و کەی و لەسەر چ بنەمایەک دەگیری، چونکە ئامانجی ڕەخنەکە گرنگە، ئایا بۆ چاککردنی هەڵەکان و ڕەخنەیەکی بنیاتنەرە، یا بۆ شکاندن و لاواز کردنی کەسێتی هەڵەکارو ڕەخنەیەکی ڕوخێنەرە.

لێرە دەمەوی وەڵامی چەند خاڵێکی ڕەخنەکانی ئەم نوسەرە بەڕێزە زۆر بەکورتی بدەمەوە:

1- نوسەر لە چەند شوێنێکی نوسینەکەی ئەوە دووبارە دەکاتەوە دەڵی من نامەوی کەسایەتی کەس بشکێنم و توانج لە کەس بدەم، ئی برا گیان ئەی گوایە ئەگەر مەبەستت لەم نوسینە تەنها ناوزڕاندنی کاک کۆسرەت نەبێت و ئەگەر قەناعەتت بە ڕەخنەکانت هەبوبێت، بۆچی ئایا نەدەکرا بە شێوەیەکی ترو لە کەناڵێکی تر ئەم ڕەخنانەت ئاراستەی بەڕێزی بکردابا؟

2- گوایە کاک کۆسرەت دەستی بە ڕووی کەسەوە نەناوە لەپارەی حکومەت یارمەتی خەڵکی داوە. بێگومان زیاتر خەڵکی هەژار و کەم دەرامەت ڕوو لەم شوێنانە دەکەن و کە بەڕێزیشی یارمەتی داون ئەگەر بەشێوەیەکی قانونیش نەبێت بەڵام ئەم جۆرە یارمەتیدانەی ئەوکات و ئێستاشی خۆی لە خۆی ئەمە دەگەیەنی کە ئەم بەرپرسە مەبەستی گلدانەوەی پارە نیە بۆ خودی خۆی بەڵکو ئەم پارەیەی لەبەر دەستیتی بە ئی میللەتی دەزانی و بۆیە دەیگەڕێنێتەوە بۆ میللەت، لە لایەکی ترەوە نوسەر دەڵی ئەم بەرپرسە داواکاری ناشەرعی بۆ خەڵک جێبەجی کردوە، من نازانم ئایا دەبێ داواکاری ئەم خەڵکە سادەیە چی بێت تاکو شەرعی یا نا شرعی بێت، وە یا کاتێک بەرپرسێک بەبی قەسد و لە لایەن خەڵکێکی هەلپەرست توشی جێبەجی کردنی کارێکی ناشەرعی دەبێت، ئەوا پێویستە ڕوی ڕەخنە لە داواکار بگیری نەک ئەنجامدەر.

3-نوسەر باس لەوە دەکات بەسود وەرگرتن لە پۆستەکەی، کاک کۆسرەت پەیوەندی لەگەڵ شێخ و ئاغاو سەرەک هۆز و زەنگین و بازرگانەکان بەستوە، زۆر سەیرم بەم قسەیەی نوسەر دێت و وابزانم هەموو خەڵکیش دەزانێت پێچەوانەکەی تەواوە، چونکە بێگومان ئەوانەی باست کردون پێویستیان بەوە هەبوە و هەوڵیان داوە پەیوەندی لە گەڵ بەڕێزیان ببەستن، لەبەر ئەوەی بەڕێزی لە زۆربەی ڕووەوە لەمان دەست ڕۆیشتوتر بوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

4-سازکردنی خوانی ڕۆژو شکان و ڕێکخستنی سەیرانی بەهاران ئەمەش خۆی لە خۆیدا دووبارەی دەکاتەوە کە جەنابی کاك کۆسرەت مەبەستی پارە گلدانەوە نەبووەو بەڵکو لە میللەتی سەرف کردوە ئینجا بەهەر شێوەیەك بێت.

5-من لە خەڵك دەپرسم ئایا پەیوەندی تۆکمەی هەر بەرپرسێك لەگەڵ مامۆستایانی زانکۆ کارێکی خراپە، یا دەلالەت لە دڵسۆزی و گرنگیدانە بە زانکۆ و پەروەردەیە؟

6-نوسەر باس لە دوو جار و سی جار بەخشینی پارچە زەوی لە لایەن بەڕێزیەوە بە چەند کەسێك دەکات، من دڵنیام ئەگەر ئەم شتە ڕوشیدا بێت بەدەگمەن بووە بەبێ زانیاری جەنابی لەو کەسە کە پێشتر پارچە زەوی وەرگرتبێت.

7-گوایە لە کاتی شەڕ کۆمیتەی ڕێکخستنەکان سەردانی بەرەکانی جەنگیان کردوە بۆ وەلاْ و پیاهەڵدانی کاك کۆسرەت، ئەگەر خەڵك بەویژدانەوە لە ڕووی سەربازیەوە بڕوانێتە ڕابردووی ئەم بەڕێزە، بۆی ڕون دەبێتەوە کە چ قارەمانێك و چاو نەترسێك و جەربەزەیەك بووە لە شەڕگەکان و هەموو کات بەرەی پێشەوە شوێنی بووەو بێ گوێدانە پلەو پایەی، هەر وەکو پێشمەرگەیەك جەنگاوە، وە ئەگەر تاکو ئێستاش لە ژیان ماوە دیارە ئەمە قەدەرە، وە ئەو بەرەیەشی کە جەنابی سەرپەرشتی بکردابا ڕێژەی سەرکەوتنی لەو پەڕی بەرزیدا بووە بۆیە بەڕێزی هیچ کاتێك پێویستی بە وەلاْ و پیاهەڵدانی کەس نەبووەو بۆیە گوناحە لەم ڕووەوە بەهیچ جۆرێك ڕەخنەی لێبگیری.

8-نوسەر باس لە کەسایەتیە لاوازەکانی دەوروپشتی کاك کۆسرەت دەکاو بەنمونە کاك ڕحمد شریف و کاك عبدالباست دەهێنێتەوە، نازانم نوسەر بە چ حەقێك حوکمی لاوازیی کەسایەتی بەسەر ئەم بەڕێزانە دەدات، بە پێچەوانەوە من وەکو یەکێکی ناوچەکەو لە نزیکەوە ناسینی ئەم دوو بەڕێزە، کەسانی بێخەوش و بەڕێز و خاوەن کەسایەتی بەهێزن لە ناو خەڵك، وە ئەگەر نوسەر پشتی بەم پڕو پاگەندانەی لە کاتی شەڕی ناوخۆ دەکرا بەستوە، ئەوە بەهەڵە داچوە چونکە هەموو خەڵك دەزانی لەکاتی شەڕ قسەی ناشیرن و پڕو پاگەندەی نادروست ڕوو دەدات لە لایەن هەردوو لاوە.

9-نوسەر واژوی کاك کۆسرەت شی دەکاتەوە، نازانم بەڕێزم تۆ نوسەری یا شیکاری دەرونی، چۆن ئەو حەقە بە خۆت دەدەی کە بە هەوەسی خۆت تەوقیعی خەڵك شی بکەیەوە!

10-گوایە کاك کۆسرەت دەورو پشتی پێك نەهاتون لە خەڵکی سلێمانی، نازانم گوناحی جەنابی چیە ئەگەر خەڵکی سلێمانی لە دەورو پشتی کۆنەبنەوە، بە پێچەوانەوە وەکو ئاشکراشە کاك کۆسرە سەرکردەیەکی جەماوەریەو لە هەموو چین و توێژێك و ناوچەیەکی کوردستان جەماوەرێکی بەرفراوانی هەیە، بگرە لە هەندە شوێن جەماوەری لە شاری هەولێر زیاترە.

11-ئەگەر کادیرێکی خەڵکی هەولێر لە شاری سلێمانی کارێکی ناڕەوا ئەنجام بدات، بۆ دەبی کاك کۆسرەت باجەکەی بدات و دەستی تاوان بۆ جەنابی ڕابکێشری!

12-هیچ ڕەخنەیەکی تر نەما تەنها ئەوە نەبێت لەکاتی چونی بە ڕێزی بۆ کەرکوك دەمانچەی لەبەر پشدێنی بوە، نازانم ئەمە چۆن ڕەخنەیەکە و چی تێدایە ئەگەر سەکردەیەکی وا دیار و مستهدف لە لایەن دوژمن و لە ناوچەیەکی گەرم و نائارام دەمانچەی پێبێت.

13-ئەگەر بەرنامەکانی ماڵپەڕێك یا تەلە فزیۆنێك نەگونجی لەگەڵ ئەم سەردەمەو لە خزمەت گەل و نیشتمان نەبێت، چاکتر وانیە دابخری، بۆ نمونە ئایا تەلەفزیۆنەکی وەکو (الزورا) داخستنی یا کارکردنی باشترە؟

14-دیارە نوسەر بەڕەوای نابینی کە کاك کۆسرەت خانوو کارەبای هەبێت لەشاری سلێمانی و وەکو بڵێی ئەم شارە مافی هیچ کوردستانیەکی پێوە نەبێت، خانو یا مولکێکی تری لەم شارە هەبێت، حەز

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دەکەم ئەوە بیر نوسەر بێنمەوە پاش نیوەی دووەمی ساڵی حەفتاکان و سەرەتای ساڵی هەشتاکان، ئەو کاتەی کە زۆر خەڵك هەبوو تەنانەت لەماڵەوەش نەیدەوێرا باسی شۆڕش و کوردایەتی بکات، ئەو کات ئەم هەڤاڵە بەڕێزە لێپرسراوی بەهێزترین و کاریگەرترین باڵی ڕێکخستنی ناو شار بوە و ئەمەو جگە لە زیندانی کردنیشی و پاشانیش دەوری لە ناو شۆڕش و خەباتی شاخ ڕون و ئاشکرایە کە لێرە پێویست بە باسکردن ناکات، پاش ئەم هەموو ماندو بون و تەزحیە دانە ئەگەر خانوو بەرەیەکی باشی لە شاری سلێمانی هەبێت گوناحە؟

لە کۆتاییدا دەمەوی شتێکی تری کاك کۆسرەت بخەمە ڕوو ئەویش ئەوەیە تەحددا دەکەم کە بەرپرسێکی تری ئەم کوردستانە بەقەدەر جەنابی دەرگای لەسەر پشت بێت بۆ هەموو خەلکێك و بەم نالەباری تەندروستیەشی ئەوەندە ماندوو بێت بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی و یارمەتیدەرێکی بێ هاوتای ماددی مەعنەوی پێشمەرگەو خانەوادەی شەهیدان بێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.